# سەرسوڕمانی هێرتا مۆلەر، بە خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئەدەب



هێرتا مۆلەر

هاشم ساڵح
و: هەورامان وریا قانع

پێدەچێت ڕۆژ دوای ڕۆژ کۆمەڵێ هەواڵی خۆشمان پێبگات! ئەم هەموو دیارییە بۆ؟ دوای هەڵبژاردنی خانمێکی بولگاری دەمبەخەندەو چالاک، بۆ پلەی بەڕێوەبەرە گشتییە تازەکەی یۆنیسکۆ، ئەوەتا ئەکادیمیای شکۆداری سوید، خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئەدەب، دەبەخشێتە خانمێکی قەشەنگ لە ڕووخسارو لە مرۆڤبوونیو لە ئێشوئازاری. تۆبڵێی پێمانخستبێتە ناو چاخی خانمانەوە؟ تۆبڵێی ڕۆژێک لە ڕۆژان لە خەوهەستینو ببینین سەرتاپای جیهان لەلایەن ئافرەتانەوە بەڕێوەدەبرێت؟ بۆنا؟ من یەکەم کەس دەبم بەو کارە دڵخۆشبمو فەرمانەکانیان بەو پەڕی خۆشیو بەخێرایی بروسکە جێبەجێدەکەم، ئەمە لەکاتێکدایە زۆر پێم قورسو ئەستەمە ملکەچی فەرمانی سەرکردەکان بم، گەر ئەو سەرکردانە پیاو بن.

گەر پێتان بڵێم من شتێکم لەبارەیەوە دەزانی، یان پێشتر گوێم لەناوەکەی بووە، ئەوا درۆتان لەگەڵدا دەکەم، بەڵام ئەمە مانای کەمییو ناتەواویی ڕۆشنبیری من دەگەیەنێت، نەک ئەو خانمە بێبایەخ بێت. دوای ئەوەی بەشوێنیدا گەڕامو پرسیارم لەبارەیەوە کرد، بۆمدەرکەوت خانم "هێرتا مۆلێر" لەسەر زیاد لە ئاستێک نووسەرێکی گەورەو ڕێزدارە، یەکەم شت کە تێیدایەو دەبێت ڕێزی لێبگرین، ئەوەیە هەرگیز هەوڵی نەداوە خەڵاتی نۆبڵ بەدەستبێنێت. ئەو خانمە لە شوێنی خۆیدا ماوەتەوەو دڵسۆزبووە بۆ ئەدەبو بۆ نەهامەتییە بریندارکەرەکانی مرۆڤایەتی، پاشان لەسەر سینییەکی زێڕین خەڵاتەکەی بۆ هاتووە، خەڵاتکردن بەو شێوەیە دەبێت! ئالێرەوەیە ئەو خانمە تووشی سەرسوڕمانو خۆشییەکی منداڵانە دەبێت، چونکە مەزنترین خەڵاتی ئەدەبیی لە جیهاندا بەدەستهێناوە. پێویستە ئێمەش لەگەڵیدا دڵخۆشبین، چونکە دەستنیشانکردنی ئەکادیمیای سویدی ئەم جارەو جاری پێشتریش لە شوێنی خۆیدا بوو، جاری پێشتر خەڵاتەکەی بەخشییە "لۆکالیزیۆ"ی پاکو بێگەرد.

پێدەچێت ئەم خانمە سەر بەو تەرزە نووسەرانەبێت، کە لەهەموو شتێکی ئەم گەردونەدا، زیاتر پەرۆشی بەها ئاکارییە بەرزەکانی مرۆڤایەتین. بە مانایەکی دیکە لەلای ئەو تەرزە نووسەرانە سەرکەوتن لە ژیاندا، دواهەمین شتە بیری لێبکەنەوە، چونکە زۆر بە سادەیی ئەوان نازانن چۆن لە ژیاندا سەرکەوونو ناشیانەوێ ئەوە بزانن. یاخود بڵێ ئەو جۆرە

نووسەرانە وەسیەتەکەی "سارتەر" جێبەجێدەکەن کە سەبارەت بە "بۆدلێر" وتویەتی: (سەرنەکەوتن لە ژیاندا، یەکەم هەنگاوە بۆ سەرکەوتن لە ئەدەبدا) بۆ ئەوەی سەرکەوتوبیت، دەبێ بدۆڕێیت! هەروەها ئەو نووسەرانە قسەکەی "ئیراسمۆس"ڕابەری ڕۆشنگەریی ئەوروپییان بەسەردا دەسەپێت کە وتویەتی: (ئەقڵی ئەم جیهانە یان وردەکارییەکانی، لە تێڕوانینی ئەبەدییەتدا، شێتییە!).

دوای کۆمەڵێ خوێندنەوەو گەڕان‌و پشکنین لێرەو لەوێ، بۆمدەرکەوت خانم "هێرتا مۆلەر" مرۆڤێکە لە ناوەوە بریندارە، ئەمەش گەورەترین بەڵگەیە بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە نووسەرێکی ڕاستەقینەیە. چونکە نووسینێک نییە بەبێ برینێک خوێنی لێ بچۆڕێت، برینێکی تەڕی نێو قووڵاییو شوێنە پەنهانەکان، برینێک سەرەتای هەیە، وەلێ کۆتایی نییە. ئەو خانمە بۆچی بریندارە؟ چونکە ئەو ژیانە پۆلیسییەی تێدا ژیاوە، پڕ بووە لە کەبت‌و ناسۆری‌و دڵشکان‌و خەفەت، هەروەها پڕ بووە لە خەڵکی سادەو ساکار، خەڵکانی هەژاری نابوت‌و ڕووشکاو، وەک ئەوەی "دیستۆفسکی" باسیاندەکات. پێدەچێت ئەو خەڵکانە کەسوکاری بن، خۆشەویستانی بن، خزمە نزیکەکانی بن، لە نزیکەوە ئاگاداری هەموو خەونە شکست‌و نائومێدەکانیان بووە. نمونە بۆ ئەوە پاڵەوانی ڕۆمانی (بانگهێشتکردن- الاستدعاء).

پاڵـــەوانی ئەو ڕۆمانە، خانمێکی کرێکاری سادەو ساکارە کە لە کارگەیەکی دروستکردنی قوماشدا کاردەکات، لە گیرفانی هەر کراسێکدا، بلیتێکی دادەنا، بلیتەکە تەنها یەک وشەی لەسەر نووسرابوو: (چاوەڕوانتم!)، بەو هیوایەی یەکێک لە گەنجە ئیتالییەکان بیدۆزێتەوەو ببێتە خۆشەویستی‌و پاشان داوای شوکردنی لێبکات‌و لە ڕۆمانیاو لە دۆزەخی کۆمۆنیستەکان بیباتە دەرەوە. ئەمە خەونی بەشی هەرە زۆری گـــــــــەنجانی بەرەی سۆشیالیزمی ئەو ڕۆژگارە بووە. بەداخەوە لە ئێستادا بووەتە خەونی گەنجانی ئێمە، تەماشای ئەو گەنجانە بکە، پێش‌ئەوەی‌بگەنە‌کـــــــەنارەکانی‌بەهەشـــــتی چاوەڕوانکراو، لــــــە بەلەمەکاندا دەخنکێن.

ئەو جیهانەی خانم "هێرتا مۆلەر" بەشی هەرە زۆری ژیانی تێدا بردووەتەسەر، پێش ئەوەی لە ساڵی ١٩٨٧ بڕوات بۆ ئەڵمانیا، واتە جیهانی "چاوچسکۆی" ستەمگەر، پڕ بووە لە ڕاوەدونانی پۆلیسی‌و خەڵکی بە هەزار حاڵ هەناسەیان داوە. ئەو خانمە لەوێدا تاڵیی‌و نەهامەتیی زۆری بینیوە، لێرەوە ئەو نووسەرێکە لەپێناو ئازادی، باجی خۆی داوە. ئەمەش بە درێژایی مێژو گەورەترین مەدالیایە بۆ نووسەرە ڕاستەقینەکان. "هێرتامۆلێر"لەڕەچەڵەکی"جان‌جاک‌ڕۆسۆ"و "ڤۆڵتێر"و "گۆتە"و "فیکتۆر هۆگۆ"و "سارتەر"و "سۆلجنستین"و ئەوانی دیکەیە، ئەم شانازییە بۆ ئەو بەسە. هەر ئەم شانازییەی وادەکات بەوپەڕی سەربەرزییەوە بتوانێت خەڵاتەکە وەربگرێت.

لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا، هەوڵیاندا وەک سیخوڕێک کار بۆ دەزگا ئەمنییەکان بکات، بەڵام ڕازینەبوو، باجەکەشیدا. هەر هەموو ئەو نەهامەتیی‌و ناخۆشییانە، لە ڕووخسارە ناسکو سیما مرۆڤانەکەیدا ڕەنگیداوەتەوە. ئەم خانمە لە ڕۆمانی (بانگهێشتکردن)، واتە بانگهێشتکردن بۆ ناوەندەکانی ئەمن‌و ئاسایش‌و شوێنە نهێنی‌و تاریکەکانی، گوزارشتی لە سەرجەم ئەو چیرۆکو بەسەرهاتە تاڵ‌و ناسۆرانە کردووە کە بەسەر هەمو دیکتاتۆرە لەناوچووەکانی جیهاندا پیادەدەکرێت.

بەڵێ بەخشینی خەڵاتی نۆبڵ بەم نووسەرە، زیاتر شانازییە بۆ خەڵاتەکە نەک بۆ نووسەرەکە، چونکە ئەو خانمە نووسەرە مانای سەرکوتکردنی زانیوەو لەپێناو ئازادیدا قوربانیداوە. بەڵام قوربانیدانەکەی بە فیڕۆنەچوو، تەنها دوای دوو ساڵ لە ڕۆشیتنی بۆ ئەڵمانیای ڕۆژئاوا، دیواری بەرلین‌و سەرتاپای جیهانی کۆمۆنیستی هەرەسیهێنا، جەلادە گەورەکەش "چاوچیسکۆ" ڕووبەڕووی چارەنووسێکی خراپ‌و تراژیدی بووەوە.

**سەرچاوە:** الشرق الاوسط، سێشەممە، ٢٠ تشرینی دووەم، ٢٠٠٩، ژمارە ١١٢٨٤